# ڕاگەیاندن

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات

هەواڵی کردەوە تیرۆریستییە خوێناوییەکانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو لە شاری هەولێر، جارێکی دیکە، هەموو خەڵکی کوردستانی بردە ناو خەمێکی قووڵ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان کە تا ئێستا بەرەو ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی کوردستان، ڕێگایەکی پڕ لە ژان و ئازار و کارەساتی بڕیوە، لە کاتێکدا ئەو کارەساتەی بە سەر هات کە خەڵکی ئازادیخواز بە ئیرادە و ئومێدێکی گەورەوە، لە هەوڵی ئەوەدان بینای ژیان و چارەنووسی داهاتوویان دابڕێژن. ئەوە تاوانکارییەکی گەورە بوو لە دژی هەوڵ و هیواکانی خەڵکی کوردستان.

ئەو کارەساتە لە کاتێکدا ڕووی دا کە ئێمە لە دەرەوەی وڵات خەریکی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکانی ڕێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی فیداکارانە و گیانبازانەی چەندین ساڵەی کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانین . بە بۆنەی کارەساتە تیرۆریستییەکەی هەولێر، وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو کارەساتە و هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، ڕادەگەیەنین کە لە هەموو ئاهەنگەکانی ڕۆژی کۆمەڵەدا، وەک پۆلێک لە گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی هەقخوازانەی کوردستان ڕێز لە یادیان دەگرین و بە گەرمترین سروودەکانمان، ئارەزووەکانیان بۆ ڕزگاربوون، زیندوو ڕادەگرین.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات
٢٠٠٤/٢/٣